

# یانەی نەورۆز خــــــۆی نوێ دەکاتەوە

دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو یانەی نەورۆز بە وەرزێکی خراپی وەرزشــی تێپەڕی، کە نەیتوانی ئەنجامێکی شایســتە لەخولــی یانە پلە نایابەکانی کوردســـتان بەدەســـتبهێنێت، ئەمســـاڵیش دوای ئەوەی دەستەی کارگێڕی یانەی نەورۆز گرێبەســـتی لەگەڵ ڕاهێنەری بەناوبانگی شاری سلێمانی ڕزگار عەلی مۆرکرد، بەنیازە لەم وەرزە بەپشـــت بەستن بەهێنانی ژمارەیەك لەیاریزانـــی خاوەن ئەزموون خۆیان بگەیەننەوە ڕیـــزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە بۆ فایلی وەرزشی گوڵان (رزگارعەلی) ڕاهێنەری یانـــەی نەورۆز گوتـــی «من ماوەیەکە ئەم تیپەم وەرگرتووە، لەئێستاشـــدا ســـەرقاڵی ڕێکخســـتنەوەی تیپەکەو دانانی بەرنامەیەکی توکمەم بۆئەوەی بتوانم تیپی یانەی نەورۆز بگەیەنمەوە ئاســـتی جارانی خۆی، لەئێستاشدا جگە لـــە ٤ یاریزان هیچ یاریزانێکی تر ڕیزی یانەکەی بەجێنەهێشـــتووە، بەرنامەشمان داناوە کە چۆن تیپەکە هەڵسێنینەوە، قسەشم لەگەڵ سەرۆکی یانەکە کردووە کە هاوکاری تەواومان بێت، بۆئەوەی تیپەکە بگەیەنینەوە پلە نایابی کوردســـتان». گوتیشی ئێمە لەئێستادا گفتوگۆیی تەواومان کردووە بۆئەوەی گرێبەســـت لەگەڵ شەش یاریزان بکەین کە لەهەریەك لەیانەکانی پێشمەرگەی سلێمانی و هەڵەبجە و سیروانی نوێ و سلێمانی یاری دەکەن، چـــوار یاریزان لەخولی پلە نایاب یاری دەکـــەن دێنە لای ئێمە و هەوڵیش دەدەین ئەگەر هەر یاریزانێك لەشـــاری هەولێـــر و دهۆك بەئێمە ڕازی بێت ئێمەش دەرگامان کراوەیە بۆئەوەی لەباوەشـــیان بگرین و سوود لەتواناکانیان وەربگرین، لەئێستاشـــدا هیچ کێشـــەو گرفتێکمان لەڕووی داراییەوە نییە، ئێمەش هەوڵی باش دەدەین کە تیپەکە هەڵســـێنینەوە و بەڵێنیشمان داوە ئەم کارە بکەین.

# خولێکی تیروکەوانی بەڕێوەچوو

وەکـــو بەرنامـــەی خۆی و بەمەبەســـتی بەهێزکردنی ئاســـتی توانا و پڕ زانیاری کردنی ناوبژیوانانی یاری تیروکەوان لەشـــارەکانی کوردستان، یەکێتی ناوەندی تیروکەوانی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ لقی کەرکوکی یەکێتەکە لەشـــاری کەرکوك بۆماوەی دووڕۆژ لەهۆڵی داخراوی یانەی کەرکوك خولی بەهێزکردنی توانای ناوبژیوانانی یارییەکە بەڕێوەچوو، لەم خولەشـــدا چەندین ناوبژیوانی شارەکانی کوردستان بەشداری خولەکەیان کردبوو ڕۆژانە وانەکانی خولەکەش لەلایەن ناوبژیوانی نێودەوڵەتی ئازاد سەفوەت بەڕێوەچوو، بەهەردوو شـــێوازی تیۆری و پراکتیکی وانەکانی خولەکە پێشکەشی ئامادەبووان دەکرا، لەکۆتاییشدا بڕوانامەی سەرکەوتوون بەسەر بەشداربووانی خولەکە دابەشکرا.



# پێناسەی لۆگۆی پێنجەم پاڵەوانێتی ڤیڤا ٢٠١٢

دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەویب سایتی فەرمی یەکێتیەکە بەفەرمی داوای لەخەڵکی کوردستان کرد، کە پێشبڕکێی تایبەت بەدروستکردنی لۆگۆی پێنجەم پاڵەوانێتی هەرێمەکان (VIVA) ٢٠١٢ لەکوردستان کردۆتەوە هەر کەسێك لۆگۆی تایبەت بەم پاڵەوانێتیە دروست بکات ئەوە خەڵات دەکرێت، چەندین نموونەی لۆگۆ بۆ ئەم پاڵەوانێتیە گەیشتە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، بەڵام ئەم لۆگۆیە دەستنیشان کرا، کە تیایدا سوودی لەڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان وەرگرتووە بۆ دروست کردنی لۆگۆیەکە، کاتێك تۆپەکە لەسەر شێـوازی ڕۆژ بـەڕەنگـی زەرد دروستکراوە، کە هێما بۆ ڕۆژی نێو ئـاڵای کـوردستـان دەکـات و هـەروەهـا ئـەو یاریـزانە بەڕەنگی ســوور دروســتـکـراوە، کـە هێما بـۆ خوێـنی شـەهـیدان دەدات و هـەروەهـا یاریگایەکە بەڕەنگی سـەوز دروستـکراوە، کە هێما بۆ سـەوزایـەتـی کوردستان دەکـات و لەنێو ئـاڵای کـوردسـتان هەیە و باکگراوندی لۆگۆیەکە سپیە، کە هێمای ئاشتییە.




لـەخـوارەوە بـەکـوردی، کە زمانی فـەرمـی هـەرێـمی کـوردسـتـانـە و زمانی ئینگلیزی، کە زمانێکی جیهانییە نووسراوە (پێنجەم جامی جیهانی هەرێمەکانی ڤیڤا – کوردستان ) ٢٠١٢.

# ڕەند خەلیل یاریزانی تێنسی سەرزەوی یانەی دهۆک:

# کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لە شارەکان پێویستە

**■ شاری دهۆك یەكێكە لەشارە هەرە پێشكەوتووەكان لەیاری تێنسی سەرزەوی و چەندین یاریزانی بەتوانا لەم شارە دروست بووە كەئێستا شوێن پەنجەیان دیارە لەیاری تێنسی سەرزەوی عێراق، یەكێك لەم یاریزانانەش كچە یاریزان ڕەند خەلیل لەدایكبووی ساڵی ١٩٩٩ی شاری دهۆكە، یەكێكە لەیاریزانە هەرە بەتواناكانی كوردستان، خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە لەیانەی دهۆك پاشەڕۆژێكی باشی لێ چاوەڕوان دەكرێت. ئێمەش لەنزیكەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.■**









*ئاستی ئەم یارییە بەگشتی چۆن دەبینی لەشارەکانی کوردستان؟

-پێموایە لەئێستادا ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە لەگشت شارەکانی کوردستان، بۆیە لەشارەکانیش چەندین یاریزانی بەتوانا پەیدا بووینە کە دەتوانن ململانێی بەهێز لەگەڵ یاریزانانی تری شارەکانی عێراقی بکەن و هیچیشیان لەیاریزانی وڵاتانی عەرەبی کەمتر نییە، ئەوەش بەڵگەیە کە ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە.

*یاری تێنسی سەرزەوی لەشاری دهۆك لەچ ئاستێکە؟

-شاری دهۆك یەکێکە لەشارە هەرە پێشکەوتووەکان لەیاری تێنسی سەرزەوی، چونکە لەم شارە خەمخۆرانی ئەم یارییە یەکجار زۆرە هەوڵی جدی دەدەن بۆدروستکردنی یاریزان و گرنگی دانی زیاتر بەیاری تێنسی سەرزەوی لەشارەکانی کوردستان، دهۆك بەگرنگترین شاری تێنسی سەرزەوی دادەنرێت لەعێراق.

*بەبۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە؟

-دروستکردنی یاریگای یەکجار زۆر بۆئەوەی ئێمە بتوانین یاریزانە هاوڕێییەکانی ترمان کە لەم وەرزشە دوورن هەوڵ بدەین ڕوو لەم وەرزشە بکەن، قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لەگشت شارەکان بکرێتەوە، کردنەوەی خولی بەردەوامیش ئەم یارییە پێش دەخات.

*کێشەو گرفتان چیە لەشاری دهۆك لەیاری تێنس؟

-هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لەم یارییە، چونکە لەشاری دهۆك هاوکاری باش دەکرێین و یاریگای تایبەتمان هەیە بۆئەوەی ئێمە گرنگی بەتوانای خۆمان بدەین.

*چۆن بوو یاری تێنسی سەرزەویت هەڵبژارد، بۆکچان یارییەکی قورس نییە؟

-سەرەتا خولیایەکی زۆرم هەبوو بۆ ئەم یارییە و خانەوادەکەشم زۆر هاوکارییان کردم بۆئەوەی بێمە نێو ئەم یارییە، هیچ ئەستەم نییە بۆکچان، ئەگەر بە تەندروست وەرزشەکە ئەنجام بدات.

*دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك بە بەردەوام هاوکاریتان دەکەن؟

-بەردەوام لەنزیکەوە چاودێریمان دەکەن و ڕاهێنەری بەتوانیان بۆدابین کردووینە بۆئەوەی ئێمە زیاتر پێشبکەوین، دەبێت ئێمەش زیاتر گرنگی بەتواناکانی خۆمان بدەین.

*باشترین ئەنجامەکانت لەیاری تێنسی سەرزەوی چیە؟

-لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق پلەیی یەکەمم.

*لەهەڵبژاردەی عێراق گرنگی بەیاریزانانی کورد دەدرێ؟

-من یاریزانی سەرەکی هەڵبژاردەی عێراقم، کە توانیم بەهێزی خۆم بسەلمێنم، ئەوانیش وەکو یاریزانی سەرەکی یاریم پێ دەکەن و گرنگی باشیشمان پێدەدرێ.

*هیواو ئاواتت چیە لەم یارییە وەکو کچە کوردێك؟

-بەهیوام لەپاڵەوانێتیەکانی دەرەوە لەسەر ئاستی جیهان میدالیایەکی زێڕ بەدەست بهێنم و ناوی شاری دهۆك و خۆم بەرز کەمەوە.

*چی بەو ئافرەتانە دەڵێی کە وەرزش ناکەن یاخود دوورن لەجیهانی وەرزشی؟

- هیوادارم ئەوانیش چاو لەئێمە بکەن، بێن وەرزش بکەن وەرزش کارێکی باشە بۆهەموو مرۆڤێك.

## پیتەر چیک بۆ چوار ساڵ بۆندەکەی درێژکردەوە

یانەی چێلســـی ئینگلیزی پاڵەوانی خولی یانەکانـــی ئەوروپا بەفەرمـــی ڕایگەیاند کە گۆڵچی هەڵبژاردەی کۆماری چیك (پیتەر چیك) بۆندەکەی لەگەڵ یانەی بلوز بۆ چوار ساڵی دیکە درێژکردەوە، پیتەر چیك لەساڵی ٢٠٠٤ـەوە لەیانەی چێلسی یاری دەکات دوای ئەوەی لەیانەی ڕینی فەرەنســـی هاتە ڕیزی یانەی بلوز بەبڕی ٩ ملیۆن پاوەند و تا ئێستا ٣٦٩ یاری لەگەڵ یانەکەی ئەنجامداوە و ٣ جار خولی ئینگلتەرا و٤ جار جامی ئینگلتەرا و دوو جار جامی کارلینگ و یەك جار خولی یانەکانی ئەوروپای بەدەست هێناوە.

ڕاهێنەری پێشـــووی یانەی چێلســـی ڤیلاس بواس بڕیاری دابوو کە دەســـتبەرداری چیك بێت، بەڵام لەدوای هاتنی ڕاهێنەر دی ماتیۆ و ئەو ئاســـتە بەرزەی کـــە لەچامپیۆنزلیگ پێشکەشی کرد، دەســـتەی کارگێڕی یانەی چێلسی ناچار بوو بۆندەکەی گۆڵچی پیتەر چیك بۆ چوار ساڵی دیکە درێژ بکاتەوە.

پیتەر چیك خۆشـــحاڵی خـــۆی دەربڕی بەم هەنگاوە و گوتی: من خۆشـــحاڵم کە بەشێکم لەپـــرۆژەی یانەیەکی گـــەورەی وەك یانەی چێلســـی لەچوار ساڵی داهاتوو و هیـــوادارم لەچوار ســـاڵی داهاتـــوو چەندیـــن دەســـکەوتی دیکـــە لەگـــەڵ یانەکـــەم بەدەست بهێنم.

## میسی:
## خۆزگە ئەم هاوینە یاریزانی ئیسپانیا بوومایە

ئەســـتێرەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی بەرشلۆنە لیۆنیل میسی هیوایەکی سەیری خواست بۆ ئەم هاوینە کە مەحاڵە بێتە دی ئەویش بەشداریکردنە لەیارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ لەهەردوو وڵاتی پۆڵەندا و ئۆکرانیا، میسی لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی دەنگوباسی فرانس پرێسی فەرەنسی گوتی: لەم هاوینە حەزم دەکرد بەشـــداری لەجامی نەتەوەکانی ئەوروپا بکەم هەرچەندە دەزانم ئەوە مەحاڵە، ئیرەیی بەو یاریزانانە دەبەم کە بەشداری لەیارییەکانی یۆرۆ دەکەن، چونکە ئەم پاڵەوانێتییە هیچی کەمتر نییە لەیارییەکانی مۆندیال، خۆزگەی ئەوەم دەخواســـت کە ئەم هاوینە یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا بوومایە، بەڵام هەموو خۆزگەیەك نایەتە دی.

لەکۆتایی لێدوانەکەی میســـی بەگاڵتەجارییەوە و بەپێکەنینەوە گوتی: هەوڵ دەدەم یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا ڕازی بکەم ڕێگا بەهەڵبژاردەی ئەرژەنتین بدات بەشداری لەیارییەکانی یۆرۆ بکات.


میســـی کە هەردوو ڕەگەزنامەی ئیسپانی و ئەرژەنتینی هەیە چەندین دەسکەوتی کەسی لەوەرزی ٢٠١١ – ٢٠١٢ تۆمارکردووە، گۆڵکەری خولی ئیسپانیا بووە بەتۆمارکردنی ٥٠ گۆڵ، لاپچینی زێڕینی باشـــترین گۆڵکەری ئەوروپایـــە بەتۆمارکردنی ١٠٠ خاڵ، گۆڵکـــەری چامپیۆنز لیگە بەتۆمارکردنـــی ١٤ گۆڵ، لەیەك وەرزدا ٧٣ گۆڵی تۆمارکـــردووە کە ئەوانەش هەمووی ژمارەی پێوانەیین.

## کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ:
## لەوەرزی داهاتوو بۆ هەموو نازناوەکان هەوڵ دەدەین

دوای ئەوەی لەگەڵ یانەی ڕیاڵ مەدرید نازناوی خولی یانەکانی ئیسپانیای بەدەست هێنا، یاریزان و ئەستێرەی یانەی شاهانە کریســـتیانۆ ڕۆناڵدۆ دووپاتیکردەوە کە بەپەرۆشـــەوە چاوەڕێی دەســـتپێکردنەوەی یارییەکانی لالیگایە بۆ ململانێکردن لەســـەر نازناوەکە و سەرجەم نازناوەکانی دیکـــە بەتایبەتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، کریســـتیانۆ لەلێدوانێکیدا بـــۆ ڕۆژنامەکانی ئیســـپانیا گوتی: چاوەڕێـــی وەرزی داهاتوو دەکەین، دەتوانین ململانێ لەســـەر ســـەرجەم نازناوەکان بکەین، دەتوانیـــن ئەم کارە ئەنجـــام بدەین، چونکـــە تیپێکی زۆر باشـــمان هەیە و چەنـــد یاریزانێکی دیکەش دێنە تیپەکەمـــان، کەواتە ئێمە هەمـــوو فاکتەرێکمان لەبەر دەستە کە وەرزێکی نموونەیی ئەنجام بدەین.

ڕۆناڵدۆ ستایشـــی هەردوو ڕاهێنەر جۆزێ مۆرینهۆ و سێر ئەلێکس فێرگسۆنی کرد و لەمبارەیەوە گوتـــی: بۆ مـــن ئەم دوو ڕا هێنـــە رە باشـــترین دوو ڕاهێنەرن لەجیهان، من دوو جار لەگەڵ فێرگســـۆن خولی ئینگلتەرەم بەدەست هێناوە، ئەو وەك باوکێکـــی ڕوحی وایە بۆ من و زۆر نهێنی تۆپی پێی فێر کردم، هەروەها شـــەرەفی ئەوەم هەبوو کە بەردەوام بم لەگـــەڵ ڕاهێنەر جـــۆزێ مۆرینهـــۆ وابزانم لەوە باشـــترم بۆ نارەخســـێت، لەگەڵ مۆرینهۆ ئاستم باشـــتر بـــوو و زیاتر فێربووم، کارێکی زۆر باش بـــوو بۆ من کە لەگەڵ ئەم دوو ڕاهێنەرە کارم کردووە.







# ئەگوێرۆ
# ڕیال ڕەتدەکاتەوە و لە سیتی دەمێنێتەوە

جارێکی دیکە ئەستێرەی ئەرژەنتینی سێرجیۆ ئەگوێرۆ هێرشبەری یانەی مانچستەر سیتی پابەندبوونی خۆی بەبۆندەکەی لەگەڵ یانەکەی دووپاتکردەوە و هەموو هەواڵێکی ڕەتکردەوە سەبارەت بەرۆیشتنی بۆ یانەیەکی دیکە، ئەگوێرۆ لەیەکەم وەرزیدا لەگەڵ یانەی مانچستەر سیتی بەباشترین ئاست بەدیارکەوت و توانی ٢٣ گۆڵ بۆ یانەکەی تۆمار بکات کە یەکێکیان گۆڵی بەدەستهێنانی خولی ئینگلتەرا بوو بەرامبەر یانەی کوینز پارك ڕینجەرز لەدوا ساتەکانی یارییەکەدا.

ناوی ئەگوێرۆ لەم دواییەدا بەیانەی ڕیال مەدریدەوە بەسترایەوە، بەڵام ئەگوێرۆ ئەم هەواڵانەی ڕەتکردەوە و مانەوەی لەگەڵ یانەی مانچستەر سیتی دووپاتکردەوە، لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی گوتی: داهاتووی من لەگەڵ مانچستەر سیتیە، من دەمەوێ لێرە بەردەوام بم، بۆندەکەم بۆ ماوەی چوار ساڵە، من لەم یانەیە خۆم دەدۆزمەوە. دەربارەی هەواڵی گەڕانەوەی بۆ شاری مەدرید و یاریکردن بۆ یانەی شاهانە، ئەگوێرۆ گوتی: ڕۆژنامەکان بە بەردەوامی هەواڵ بڵاودەکەنەوە، بەڵام مەرج نییە هەمووی ڕاست بێت، من بیر لەڕۆیشتن بۆ یانەی ڕیال مەدرید و هیچ یانەیەکی دیکە ناکەمەوە. لەکۆتایی لێدوانەکەی ئەگوێرۆ گوتی: من مامەڵەیەکی زۆر باشم لەگەڵ کراوە لەیەکەم ڕۆژی گەیشتنم بۆ شاری مانچستەر تا ئەمڕۆ، من و خێزانەکەم لێرە زۆر بەختەوەرین و دەمەوێ لەم یانە بەردەوام بم، تا ئێستا یەك نازناومان بردۆتەوە و هیوادارین نازناوی زیاتر بەدەست بهێنین.




# گاریس باری بەشداری لەیۆرۆ ناکات

یەکێتی تۆپی پێی ئینگلتەرا ڕایگەیاند یاریزانی هێلی ناوەڕاستی یانەی مانچستەر سیتی گاریس باری بەهۆی پێکانەوە بەشداری لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا ناکات لەیارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ کە لەهەردوو وڵاتی پۆڵەندا و ئۆکرانیا ئەنجام دەدرێت، باری لەیاریە دۆستانەکەی ئینگلتەرا و نەرویژ تووشی پێکان هات و لەدوای ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی دەرکەوت کە تووشی داڕوشانی ماسوڵکە هاتووە، ڕۆی هۆدسۆن لەدوای ئەم پێکانە یاریزان باری دوورخستەوە و لەشوێنی ئەو یاریزانی یانەی ئیڤەرتۆن جاجێلکای بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی بەشداربێت لەیارییەکانی یۆرۆدا.

ڕۆی هۆدسۆن ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا دەربارەی پێکانی یاریزان گاریس باری لەلێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی فەرمی یەکێتی تۆپی پێی ئینگلتەرا گوتی: هەست بەنائومێدی دەکەم بۆ ئەم پێکانە ناوەختەی یاریزان باری و بەشداری نەکردنی لەیارییەکانی یۆرۆدا، باری تەنیا یاریزانێك نییە لەپێکهاتەی ٢٣ یاریزانی هەڵبژاردەی سێ شێرەکە، بەڵکو شوێنێکی سەرەکی هەبوو لەم پێکهاتەیە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا.

هەروەها هۆدسۆن گوتی: من دەزانم کە گاریس باری حەزی دەکرد بەشێك بێت لەهەڵبژاردەی ئینگلتەرا لەیارییەکانی یۆرۆدا، بەڵام بەداخەوە ئەو خەونەی نایەتە دی، ئێمە لەدوای یۆرۆ چاوەڕێی دەکەین و هیوای چاکبوونەوەی خێرای بۆ دەخوازم.



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

## ئەمڕۆ پاڵەوانێتی جامی جیهانی بۆ هەرێمەکان لەپایتەخت دەستپێدەکات

# کوردستان ڕووبەڕووی بیابانی ڕۆژئاوا (پۆلیساریۆ)

رێبین ڕەمزی

**وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشـــەممە لەهەرێمی کوردســـتان پێنجەمین پاڵەوانێتی ڤیڤا بۆ هەرێمەکان دەست پێبکات بە بەشداریکردنی (٩) هەڵبژاردە بەســـەر ســـێ کۆمەڵە دابەش کـــراون، لەهەر کۆمەڵێك لەســـێ هەڵبژاردە پێکهاتووە، کە تیایدا خاوەن پلەی یەکەمی هەر کۆمەڵێك ڕاســـتەوخۆ بۆ چوارگۆشـــەی زێڕین سەردەکەوێت لەگەڵ باشترین تیپی دووەم.**

**وا بڕیـــارە یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتیە لەیاریگاکانی نێودەوڵەتی شەهید فرەنسۆ و یاریگەی دووەمی شەهید فرەنسۆ هەریری و یاریگەی برایەتی و یاریگەی ئارارات بەڕێوە بچێت و هەوڵەکان بەردەوامە بۆ گواســـتنەوەی چەند یارییەکی ئەم پاڵەوانێتیە بۆ شارەکانی تری کوردستان.**

**کۆمەڵەکان بەمشێوەیەن.**

لـــەڕۆژی یەکەمـــی پاڵەوانێتیەکە وا بڕیـــارە کاتژمێر ٧ی ئێوارە لەیاریگەی نێودەوڵەتی فرەنســـۆ هەریری مەراســـیمی ئاهەنگی کردنەوەی ئەم پاڵەوانێتیە بەڕێوە بچێت و دواتر لەکاتژمێر ٨ی ئێوارە لەهەمـــان یاریگە یاری کردنەوەی ئـــەم پاڵەوانێتیە بەڕێوە دەچێت کاتێك هەڵبژاردەی کوردســـتان ڕووبـــەڕووی هەڵبژاردەی بیابانی ڕۆژئاوا دەبێت، هەر لەهەمان ڕۆژ دوو یاری تر ئەنجام دەدرێت.

بۆ ئەم پاڵەوانێتیە هەڵبژاردەی کوردســـتان بەشـــێوەیەکی چڕ و پڕ خۆی ئامادەکردووە دوای ئەوەی لەوڵاتی فەڵەســـتین بەشـــداری لەدووەمین پاڵەوانێتی فەڵەســـتینی نێودەوڵەتی کرد و توانی پلەی ســـێیەم بەدەســـتبهێنێت، بۆ ئەم مەبستەش دەســـتەی ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەی کوردستان بەشێوەیەکی فەرمی بانگهێشتی ٧ یاریزانی یانەکانی هەولێر و زاخـــۆ و دهۆکی کردووە، کە لەخولی بژاردەی



### کۆمەڵەی یەکـــــەم:


 کوردستان


 بیابانی ڕۆژئاوا (پۆلیساریۆ)

 ئۆکستانیا

### کۆمەڵـــــەی دووەم:

 زەنزیبار

 رایتیا

 تامی ئیلام

### کۆمەڵەی ســـــێیەم:

 قوبرسی تورکیا

 دارفور

 پرۆڤنس



## دەبێتەوە

عێراق یاری دەکەن بۆ ئەوەی ســـوود لەئەزموونیان وەربگرێت لەم پاڵەوانێتیـــە، ئەویش هەریەکە لەیاریزانان(هەڵگورد مەلا محەمەد (یانەی هەولێر)، دیدار حامد (هەولێر)، خالید موشیر (دهۆك)، ئاماد ئیسماعیل (دهۆك)، ساڵح جەبر (زاخۆ)، نێچیرڤان شوکری (زاخۆ)، هەردی سیامند (زاخۆ)).

جێگەی خۆیەکە دەبێت باســی گرنگــی ئامادەبوونی جەماوەر لەم پاڵەوانێتیە بکرێت، چونکە هەڵبژاردەی کوردســـتان پێویستی بەپشتگیری جەماوەر هەیە تاکو بتوانیت بۆ یەکەم جار لەمێژووی خۆیـــدا نازناوی ئەم پاڵەوانێتیە بەدەســـتبهێنێت و لەهەمان کاتدا دەبێت بەباشـــترین شـــێوە هەوڵ بدرێت ئەم پاڵەوانێتیە لەهەموو ڕوویەکەوە ســـەرکەوتوو بێت، چونکە چەندیـــن لایەن چاودێری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم پاڵەوانێتیە دەکەن.





# ناوی جامی جیهانی ڤیڤا (جامی نیلسۆن ماندێلا)یە



ئەو کارە هونەریە یەکێکە لەکارە هەرە دەگمەنەکانی پەیکەرتاش (جیرارد پیگۆ)، هەروەها جیرارد یەکێکە لەپەیکەرتاشە فەرمیەکان لەوەزارەتەکان و مۆزەخانـــە نەتەوەییەکان. ئێمە وەکو (ئێن ئێف بۆرد) سوپاســـی ئەو پەیکەرتاشـــە دەکەین کە لەیەکەم چاوپێکەتنمان لەگەڵی پەرۆش بوو بۆ دروست کردنی جامی ڤیڤا.

جیرارد پیگۆ ئێســـتا لەپاریس لەفەرەنســـا دەژیت و تەواوی کاتەکانی بـــەکاری پەیکەرتاشـــیەوە خەریك کردووە، چەندیـــن کاری هونەری و پەیکەرتاشـــی کردووە وەکو (ســـاینت ڤیلا) و (هونەری بەردی دیکۆ)، هەروەها بەدروست کردنی جامی ڤیڤا ناوی دەرکردووە. شێوەیەکی جامی ڤیڤا لەساڵی ٢٠٠٣ بەشێوەی دەنگدانی ئەندامان لەبروسیلس پەسەندکرا.

جامەکە بەشێوەیەکی فەرمی بەناوی (جامی نیلسۆن ماندێلا) ناسێندرا لەلایەن لیژنەی جێبەجێکار لە١٠/ی حوزەیرانی/٢٠٠٥ ئەمەش وەکو خەڵاتیك بۆ شێوەی ئەو کەسایەتیە ناسراوە.

ئـــەو جامە هێمایەکە بۆ خولیای نوێ کە لەلایەن خەڵکان و نەتەوەکان کە ئارەزوو خولیـــا و ئامانجی نوێیـــان دەوێت، یەکێك لەو ئارەزووانە یـــاری کردن لەجامی جیهانی ئەویش جامی جیهانی ڤیڤا، ئەم جامەش دەبریسکێتەوە بەتیشکی نیلسۆن ماندێلا کە لەپاڵەوانیەتیەکاندا هێمای تیشـــکی سووری لایتەکانی ئاهەنگەکان دەکـــەن. ئاڵای (ئێن ئێف بۆرد) و لۆگۆکەی نوێنەرایەتی جیهان دەکەن، چونکە خۆیان وێنەی نەخشەی جیهانی لەسەرە.

بێگومـــان پاش ماوەیەکی کەم چـــاوەڕوان دەکرێت ئەو جامـــە ببێتە هێمایەك و ڕەمزێکی کارە هونەرییەکانی ســـەردەمی مۆدرێن وەکو کارە هونەرییەکانی دالی، بیکاسۆ و سیزار.

# بوکەڵەی پێنجەم پاڵەوانێتی ڤیڤا ناوی (نەورۆز)ە

وەکو ئاشـــکرایە لەهەموو پاڵەوانێتیك چ لەئاستی هەڵبژاردەکان یاخود یانەکان بێت ئەوە بوکەڵەیەکی تایبەت بەم پاڵەوانێتیە دروســـت دەکەن و ناوێکی تایبەتی دەبێـــت، کە ببێتە ڕەمزێك بۆ ئەم پاڵەوانێتیە و هەروەها ئەم بوکەڵەیە لەســـەرجەم شوێنە گشتییەکان بوونی دەبێت بۆ ئەوەی ڕیکلام بۆ کات و شوێنی پاڵەوانێتیەکە بکات و هەروەها لەنێو خەڵك بناسێریت.

بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ دەستنیشانکردنی کوردستان بۆ میوانداریکردنی پێنجەم پاڵەوانێتی ڤیڤا و لەگەڵ دەستنیشانکردنی لیژنەی باڵای پاڵەوانێتیەکە گفتوگۆیەکی زۆر ســـەبارەت بەدەستنیشان کردنی بوکەڵە-ی ئـــەم پاڵەوانێتیە کرا دواتر بەکۆی دەنگ بڕیاردرا کە بوکەڵەی ئەم پاڵەوانێتیە ناوی (نەورۆز) بێت.

پێناسەی نەورۆز

ئـــەم بوکەڵەیە ســـەری بەرۆژ دروســـت کراوە وەکو هێمایەك بـــۆ ئاڵای پیرۆزی کوردســـتان و هەروەها جلی نەتەوەیی کـــوردی لەبەر کراوە وەکو هێمایەك بۆ گرنگـــی ئەم جلە بۆ خەڵکی کوردســـتان بەتایبەتی لەبۆنە نەتەوەییەکاندا و هەروەها تۆپێکی لەدەســـتدایە وەکو هێمایەك بۆ ئەم پاڵەوانێتیە و هەروەها ناوی (نەورۆز) دەستنیشان کرا، چونکە نەورۆز سەری ساڵی کوردییە و هەروەها جەژنێکی نەتەوەییە و هەموو ســـاڵێك خەڵکی کوردســـتان لەم جەژندا ئاهەنگ دەگێڕن و یادی دەکەنەوە.

